# (جیاوازیی نێوان جێناوی پرس و هاوەڵناوی پرس)

ئامادەکردنی/ م. عبدالله عبدالقادر علی

ئامادەیی (سلێمانی)ی کچان

(٢٠٢٣/٢/٢٦)

| جێناوی پرس | هاوەڵناوی پرس |
|---|---|
| ١/ جێناوی پرس: ئەو وشانەن، کە لە جێی ناوی کەسێک، یان شتێک لە شێوەی پرسکردندا بەکاردێن و ئەرکی ناوەکەش لە ڕستەدا دەبینن، لە کۆتاییی ڕستەکەشدا نیشانەی پرسیار (؟) دادەنرێت. | ١/ هاوەڵناوی پرس: ئەو وشەیەیە، کە لە ڕستەدا وەسفی ناوێک دەکات لە شێوەی پرسدا و دەبێتە دیارخەری ناوەکە، یان وەسفی کارێکی ناتەواو دەکات و دەبێتە تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو، لە کۆتاییی ڕستەکەشدا نیشانەی پرسیار (؟) دادەنرێت. |
| ٢/ سەر بە بەشە ئاخاوتنی (جێناو)ە و جۆرێکە لە جۆرەکانی جێناو لە ڕووی واتاوە. | ٢/ سەر بە بەشە ئاخاوتنی (هاوەڵناو)ە و جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوەڵناو. |
| ٣/ ئەو وشانەی، کە دەتوانن ڕۆڵی جێناوی پرس ببینن، ئەمانەن:<br>١/ کێ:<br>٢/ کام/ کامە:<br>٣/ چ/ چی: | ٣/ ئەو وشانەی، کە دەتوانن ڕۆڵی هاوەڵناوی پرس ببینن، ئەمانەن:<br>١/ چەند:<br>٢/ چۆن:<br>٣/ چ ...ێک:<br>٤/ کام/ کامە: |
| ٤/ لە جێگەی ناوێک دێت و ئیتر ناوەکە نابێت هەبێت. | ٤/ ئەگەر لەگەڵ ناو هات، دەبێت هەمیشە ناوەکە هەبێت و دەبێت بە هاوەڵی ناوەکە. |
| ٥/ شوێنەکەی لەناو ڕستەدا، وەکو (ناو) وایە و بەپێی ئەرکەکەی شوێنەکەی دەگۆڕێت.<br>نم/ چی دەنووسیت؟ (چی: بەرکارە).<br>نم/ تۆ دیارییەکە بە کامە دەبەخشیت؟<br>(کامە: تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە). | ٥/ شوێنەکەی لەگەڵ ناوە دیارخراوەکەدا، بەم شێوەیەیە:<br>أ/ ئەگەر بکەوێتە پێش ناوە دیارخراوەکە، پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت.<br>نم/ کام خوێندکار خەڵاتکرا؟<br>ب/ ئەگەر بکەوێتە دوای ناوە دیارخراوەکە، پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەبێت.<br>نم/ نمرەیەکی چۆنت بەدەستهێنا؟ |

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

| | |
|---|---|
| | شوێنەکەی لەگەڵ کارە ناتەواوەکە، هەمیشە دەکەوێتە پێش کارە ناتەواوەکە.<br>نم/ هەنارەکە چۆنـــە؟ |
| ٦/ لە ڕستەدا هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت، کە بریتین لە: (نیهاد، بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو، تەواوکەری ڕاستەوخۆ کاری ناتەواو، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو، دیارخەر، جێگری بکەر). | ٦/ لە ڕستەدا تەنیا دوو ئەرکی هەیە، کە بریتییە لە:<br>أ/ (دیارخەر)ی ناو، ئەگەر وەسفی ناوی کرد.<br>نم/ چیرۆکێکی چۆنـــت خوێندەوە؟<br>لەم حاڵەتەدا هەمیشە (گرێی ناوی)مان بۆ دروست دەکات، ناوەکە دەبێت بە (دیارخراو) و خۆشی دەبێت بە (دیارخەر)ی ناوەکە.<br>ب/ (تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو)، ئەگەر بەتەنیا وەسفی کاری ناتەواوی کرد.<br>نم/ خواردنەکە چۆن بوو؟<br>لێرە گرێ دروست ناکات. |
| ٧/ مەرج نییە هەمیشە گرێ دروست بکات، بەڵام دەتوانین گرێی پێ دروست بکەین.<br>نم/ کێ بێدەنگە؟<br>کێ/ جێناوی پرسە، نیهادە.<br>نم/ کتێبی کێ دەخوێنیتەوە؟<br>کتێب/ ناوە، دیارخراوە.<br>ی/ ئامرازی دانەپاڵە.<br>کێ/ جێناوی پرسە، دیارخەری ناوی (کتێب)ە.<br>کتێبی کێ/ گرێی ناوییە، بەرکارە. | ٧/ ئەگەر وەسفی (ناو)ی کرد، هەمیشە (گرێ)مان بۆ دروست دەکات و گرێکەش (گرێی ناوی)یە.<br>نم/ کام خوێندکار هاوڕێی تۆیە؟<br>کام خوێندکار/ گرێی ناوییە، نیهادە. |
| ٨/ نموونە:<br>نم/ کێ ڕۆمانەکەی بڵاوکردەوە؟<br>کێ/ جێناوی پرسە، بکەرە<br>نم/ ڕۆمانەکەت بۆ کێ کڕی؟<br>کێ/ جێناوی پرسە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.<br>نم/ کێ خەڵاتکرا؟<br>کێ/ جێناوی پرسە، جێگری بکەرە. | ٨/ نموونە:<br>نم/ چەند کتێبـــت خوێندووەتەوە؟<br>چەند/ هاوەڵناوی پرسە، دیارخەری ناوی (کتێب)ە.<br>کتێب/ ناوە، دیارخراوە.<br>چەند کتێب/ گرێی ناوییە، بەرکارە. |

## کۆتایی

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)